


زەمانێکە ئەی گوڵە ژن

هەواڵێکت ناگا بە من

نە وەک کۆتر پەڕێ ، فرینێکت ، ناگا بە من !

زەمانێکە ئەی گوڵەژن ،

نە وەک ماسی بە لەنجەی ئاوێکەوە دێ

نەوەک تاوس لە ئۆغرتا ، نازێ ، ڕەنگێ ، ماچێ ، بە جێ دێڵێ !

زەمانێکە ، منیش پێچەوانەی باس و خەبەری تۆ

گوڵ لەسەر گوڵ ، بەیت لەسەر بەیت ، هەڵدەڕژێمە سۆراخی تۆ ، خەبەری تۆ

لە سینەمدا ، زایەڵەی عەشق دەنگی دێ و

وەک تنۆی باران لەسەر بەردان دەنگم دێ و

وەک با سەدا ، لە هەیوانا ، من گڤەم دێ و

من گڤەم دێ و خورتەم دێ و لەبەر خۆمەوە ئێژم خودا

ئاخۆ ئێستا وەکوو جاران ، چاوبەڵەکی ماڵ لە دڵی یاران

سەما و سیحری ، گەمە و مەکری ، دەداتە ڕاو ؟

ئاخۆ ئێستا ، لەسەر سنووری غەمزەیەک ، لە شکری گوڵ دەخاتە چاو ؟

پرسیارێک و پۆلێ پرسیار

وەک شێت لەبەر خۆمەوە بۆڵەم دێ و هەر دەخەنم

دەخەنم و شینی فیرقت ، لە چاومەوە گۆل دادەخا

گۆل دەخا و دەقەی سەد جار ئێژم هۆ خودا ، خۆزگەم وەپار

وەوشەوانەی جێ ژووان بۆ ماچ دەهاتە بار

ئاخەر کچێ ، هەی شەکر زادەی جننەتی شیعر ، چۆن وانەڵێم ؟

چۆن وا نەڵێم ، هەی بووکی ئارام بەخش بەیەک شەوی من

هەی دۆلفینی خاوبوونەوەی نێو کەناری مەستایەتی نیوە شەوی من

هەی پەیکی شارەزا بە ڕاژەنینی من

چۆن وا نەڵێم ، ئاخەر کێ شەوی هەنگوین بە شەوی ژەهر گرێ دەدا و

سەمای ماسی و سەمای قوڵایی ئاو ، بە ڕەنگی بێ ڕەنگ ناو دەبا !

چۆن وانەڵێم ، چۆن بیر دەچن ؟ ئاخەر هەی شەمی خوا

ئەو شەوانەی بە چاو و لەشی تەڕەوە

بە یەک حەوشە گوڵە شەستپەڕەوە

تا تلووعی بەرە بەیان ، بەسەد مەزە و بەسەد خەمزان

کۆڵەووژت دەسووتانم و وەنەوزت لە چاوم دەفڕان !

لەبیرت دێ ..

لە بیرم دێ هۆ ماسییە مێ ،

لەو گوڵ شەووەی ، نەک ئاو تیایا ، گوڵ و ڕێواس بە ڕۆح دەهات !

لەبیرت دێ ؟ لەبیرم دێ ، لەو ڕژان وخاوبوونەوەی نیوە شەوی زمسانەدا

ئاگر سەری بە ئاگردا دەکوتا و قەیاغی دڵ

قەیاغی دڵ ، لەو گوێ ئاو و کەناری خاوبوونەوەدا

سەری بە قوڵایی چەن شەپۆلا دەکوتا !

لەبیرم دێ هۆ ماسییە مێ ، لەو تاقانە گوڵ شەووەدا

من بە دیار نووری مەمەوە ، سەد باری مەم ، بۆ مەم

دەبووم بە سەکۆی پڕ لە سووتان و دەبووم بە فوارە و ڕژان

لەبیرت دێ ، هەتا خوا لێی دەچنیم ئۆقرە و وچان ، شەرم و دووان

نەک هەر زووان ، من باخە پەنجە و بەڕووی لەشم هەڵدەبرژان !

لە بیرت دێ ؟ لە بیرم دێ هۆ ماسییە مێ ،

تۆش ئازات وەک جارە گوڵی بەر دێ ، لەبەردەم پەروانەی ئاوا کپ کەوتبوو

تاڵە قژ وەک تەرز و گەڵا ، لە نێو ئارەقەی بەرچاوا کپ کەوتبوو !

لەبیرم دێ ، هەی بووکی ئارام بەخش بەیەک شەوی من

تەیرە چکۆڵانەی پەنجۆڵانم ،

وەک عەزرەتی ، دەتووت چەن ساڵە لە نێو قەفەزی هەور دان و

تازە خوا باڵی نەجاتی پێ بەخشیوون

لەو چڵە مەم بۆ ئەو چڵە مەم هەڵدفڕین ، لەو ئاو بۆ ئەو ئاو هەڵدەفڕین !

ئەمێستاکەش هەی کافرە ژن ،

ڕەهێڵە و خوڕەم شەوێکە لە یەک دوورین

نە زەنگێکت هەیە و

نە دێڕێکت هەیە و

نەوەک جاران

شێتانەش بەردێ لە پەنجەرەکەم دەدەی !

کچێ بیژی ، بیژی خوا هەر خواکەی تۆ بێ و بۆ منیش هیچ

بیژی ، خوا دەوریتر نەسوڕێنێ و من بە فەسڵێ تر نەوەخشێ ؟

لێ گوڵەکەم هەرچی بیژم ، دۆعای مردن ناکەم

تەنها دۆعای دەوریتر و دۆعای زەمانێ تر نەبێ

بشێ گوڵم خوا کارێکا و بای زەمانێ لە گوڵ هەڵکاتەوە و

هەتاوێ بەسەر زووقمی ئەم فیرقەتەدا بێنێتەوە و

ئێمەش ، بڕژێنەوە گەمەیەتر ،

ئێمەش بڕژێنەوە دوورگەی لەزەتێ تر

لێ ئەمجارە ، هەی مەلاکی شیعری ڕووتم

ئەمجارە ، تەکبیری عەشق بە تاڵ نەبێ و

مەلەی ئاگر ، لەیلە چامەی خامەی خەیاڵ نەبێ

دەبێ گوڵم ، بەشی عومرێ لەیەک بخۆین

ببین لەسەر بین ، لە ئاوی یەک ، لە عەتری یەک

لەگۆشتی یەک ، لە یەک بخۆین

کچێ بەخوا ، گەر وا نەکەین ،

هەتا ماوین ، نە لە دەرسی کفر دەگەین

نە بە دەرسی عەشق دەگەین

دەی دوولبەری هەمیشە تەڕ

وەی ئاسکی مێگوزاری دەشتی خێر و شەڕ

هەر جارێتر وەک بایەک لە گوڵ هەڵکەوە و بێرەوە تۆ

بێرەوە و پێدەشت و ماڵم ، بە هەوای خۆتا بەرەوە

بێرەوە تۆ و لەسەر باڵی بازە مەمی یەخەی شل و بەرۆکەوە

بە قوڵایی ئاسمانێکم دا بەرەوە و بە قوڵایی ڕۆژانێکمدا بەرەوە

ڕۆژانێ وەک ئەوڕۆژانەی ، کە لە ژووانێ ، لە خوێندنەوەی شیعرێ دەبوومەوە

(با)ت لە پشکۆی مەکر بەردەدا و بەچەشنێ لێوی ناز و مەکرت لێ دەکرۆشت

کچێ لە عەزرەت و لە ئاگردا ، من ، شەرم بە حەوت دۆزەخ دەفرۆشت !

لەبیرم دێ زۆر بەیانی ، لەتەک یەکەم سوبحی نازی گوڵدا

کەتۆ لێوی ناز و بزەیەکت لێ دەجوڵان

بەهار تێی دەتاقانە پایز و گوڵێ پێڵووی نەدەترووکان

لە غیرەی تۆدا ، دواین چڵیان سەری خۆیان هەڵدەگرت و

گوڵم بەهارە و بەهاریش نەدەهاتنەوە

لەبیرم دێ زۆر ئێوارە ، کە کۆتری سەر سنگی تۆ

بۆ بای باڵێ ، دەکەوتنە قوڵایی فڕینی عەسرێک و

کەمێ ژێر گەڵای ستیانێکی بۆنخۆشیان بە جێدەهێشت

ئێتر فڕین ، هەر فڕینی تۆ بوو

لە تۆ زیاتر مەعازەڵڵا ، فڕکەی تەیرێ نەبوو !

ئێتر هاژە ، هەر هاژەی خۆت بوو ، لە تۆ زیاتر مەعازەڵڵا ، هاژە نەبوو !

خۆ کە لێوی گفت و گۆیەکت دەجوڵان ، ووشەت قەن بوو

ووشەت وەکوو تافی شەربەت ، ئاشی حەوت شیعری دەگەڕان !

خۆ کە جار جارەش میهرەبانی دەیگرتی و

کچێ ، لیمۆی شیعرێ ، دەمی دەدای بە دەممەوە

من بەو ماچە ، دەتووت شەرابی کۆنە گۆزەم وا بەسەرەوە

مەست دەبووم و هەڵدپڕووزام ، دەسووتام و لێ سووتانێ

مەرهەر خۆم وخوا بزانین ، من بەو ماچە ، تا کوێم دەسووتا و تاکوێم هەڵدپڕووزا !

دەی گوڵە ژن ، هەنووکەش بای سۆزێ هەڵکە و بێرەوە تۆ

با سەر لەنوێ ، خۆمان لە ئاوی گوناهێک نێن و

وەکوو جاران بین لەسەر بین ،

لەئاوی یەک ، لە عەتری یەک ، لە گۆشتی یەک ، لە یەک بخۆین

کچێ بەخوا گەر وانەکەین ، هەتاماوین نە بەدەرسی کفر دەگەین ،

نە لە دەرسی عەشق دەگەین !

دەی گوڵە گیان بێرەوە تۆ ،

تێکەڵبوونمان بردننەوەی ڕەنگەکانمانە ، نەک دۆڕاندن

تێکەڵبوونمان بردننەوەی دابڕاندنمانە نەک دۆڕاندن

تێکەڵبوونمان ئاشتبوونەوەی ژیانە بە گۆرانییە سەوزەکانی عەشق ،نەک دۆڕاندن

پایزی 2007 ئەڵمانیا